٣٥) بەشداریکردن و نوێژ	٤١، ٤٢، ٤٥ ، ٤٦) خەڵوەتی ڕۆحی (لە گروپی دوانەییدا : ئیشایا ٤٠: ١- ٣١) بەشداریکردن ونوێژ

فێرکردنی زیاتری پێشنیارکراو :

نمونەی زیاتر

پاشکۆی ١ نمونەی ئەو کوڕەی داوا دەکات

پاشکۆی ٢ نمونەی خاوەن ماڵ و نمونەی کرێکار و دروێنەکەر

پاشکۆی ٣ نمونەی دەست لەسەر گاسن

پاشکۆی ٤ شەریعەت لە کتێبی پیرۆزدا

پاشکۆی ٥ مەسیح ئامانجی شەریعەت و کۆتاییەکەیەتی

وانەی (٢٥)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

به نۆره بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبوری ٨٤، ٩٠ ، ٩١ ، ٩٢) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "خودا مەزنەو بەهیچ شتێك بەراورد ناکرێت" ئیشایا ٤٠: ٢٥- ٢٦

زنجیرەی یازدەهەم لە ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەتە بە " مەزنیی خودا ". ناونیشانی پێنج ئایەتەکەی لەبەرکردن ئەمانەن : (خودا مەزنەو بەراورد ناکرێت بە هیچ شتێك ؛ خودا شکۆدارە؛ خودا خاوەنی هەموو زانینێکە ؛ خودا تواناداره) . بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیارامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، " خودا مەزنەو بەراورد ناکرێت بە هیچ شتێك " ئیشایا ٤٠: ٢٥- ٢٦

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ئەو نابینایەی چاوساغی نابینایەکی تره ؛ وەستای داناو وەستای گێڵ

"نمونەی ئەو نابینایەی چاوساغی نابینایەکی تره" لە مەتا ١٥: ١٤ وە نمونەی وەستای داناو وەستای گێڵ هاتوە لە مەتا ٧: ٢٤- ٢٧ تایبەتن بە **گوێرایەڵی خودا لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو

بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ . نمونەی ئەو نابینایەی چاوساغی نابینایەکی تر ە

مەتا ١٥: ١- ٢٠ وە لۆقا ٦: ٣٩- ٤٢ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

دەبێت ڕابەر توانای ئەوەی هەبێت بزانێ چۆن هەنگاو دەنێ و بۆ کوێ دەڕوات و چۆن خەڵکی تر بەڕیوە دەبات ئەگەر نا ، ناتوانێ ببێتە ڕابەر ! بۆیە ڕابەری نابینا وێنەیەکە گوزارش دەکات لە کەسێک کە خۆی بە ڕابەر دەزانێ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەڕیوە دەبات بۆ هەڵدێر و لەناوچوون !

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو

بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٥: ١- ١٢ .

ئەم بەشە زۆر گرنگە کە تایبەتە بە نەریتە مرۆییەکان و پەیوەندیان بە وشەکانی خوداوە . تیایدا گفتوگۆی گەشەی نەریتەکانی پیران دەکەین و تێڕوانینی عیسا بۆ نەریتی پیرەکان ، وە تێروانینی هەروەها بۆ ئەوانەی شوێن نەریتی پیرەکان دەکەون .

گەشەی نەریتی پیرەکان .

نەریتی پیرەکان پێکهاتوە لە ڕیژەیەکی زۆر لە ڕاڤەی شەریعەتی پەیمانی کۆن ، وە بەتایبەتی بۆچوونی مرۆڤانە لە خۆ دەگرێ و بڕیاری ئادەمیزادانە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی شەریعەت و یاساکانی لە بارودۆخی جیاواز ، ئەم نەریت و بڕیارانەش بۆ خەڵکی لە سەردەمی عیسادا نەوە دوای نەوە وەرگیرابوو ، ئەم نەریتەش دەبوو ڕەچاو بکرێ وپابەند بن پێوەی بڕوانە مەتا ١٢: ١- ٨ هەروەها مەتا ٥: ٢٠- ٤٨ .

وە داواکردنی پاکبونەوەی پەرستش ئەوەی لە مەتا ١٥: ١- ٢ دەیبینن نمونەیەکی تر لە نەریتی پیرەکان کە لە شەریعەتی خوداش لایان دابوو وە سنوریان بەزاندبوو (لێڤیەکان ١٩: ٢) ئەم پەرستشە پیرۆزیی ناخی لە خۆ دەگرت کە گوزارش بوو لە هەڵسوکەوتی ڕەوشت لە ڕێگەی هەڵسوکەوتێکی پەرستشانەوە وەك نمونەی (دەرچوون ١٩: ١٠- ١١) کە چۆن دەبوو خەڵکەکە جلوبەرگەکانیان بشۆن پێش ئەوەی خوداوەند دابەزێتە سەر کێوی سینا وە دەبوو کاهینەکان خۆیان بشۆن پێش هەستانیان بە ئەرکە ئاینیەکانیان (لێڤیەکان ١٥: ١- ٣٣ ؛ ١٦ : ٢٦ ؛ ٢٨: ١٧: ١٥-

١٦) وه فەرمانکردن به هارون و نەوەکانی که پاك خۆیان ڕابگرن و دەستەکانیان پاك بکەنەوە پێش هەستان بە ئەرکەکانیان وەکو کاهین لە خێوەتی کۆبونەوە (دەرچوون ٣٠: ١٧- ٢١) .

(لێڤیەکان ١٥: ١١ ؛ وتەکان ٢١: ٦) هەروەها بڕوانە مەرقۆس ٧: ٣- ٤) . وە چەندین بابەتی تر هەیە شەریعەتی خودا فەرمان ناکات بە لەبەرکردنی بەڵام نەریتی جولەکە تۆندی کردوە بە ڕێژەیەک کە خودی ناوەڕۆکی شەریعەتیان وەلا ناوە .

چۆن نەریتی پیرەککان گەشەی کرد لە مێژووی ئیسرائیلدا ؟ وێرانکردنی ئۆرشالیم و پەرستگا لە ساڵی (٥٨٦ پ. ز) وە ڕاپێچکردن بۆ بابل کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر جولەکە و زەبرێکی بەهێز بوو بەریان کەوت لەساڵی ٦٠ ٥ ڕاپێچکردنی جولەکەکان بۆ بابل تا کاتی گەڕانەوەیان لە ساڵی ٥٣٧ پ. ز یان وێرانکردنی پەرستگا لە ساڵی ٥٨٦ پ. ز وە تا کاتی نوژەنکردنەوەی پەرستگا ساڵی ٥١٦ پ. ز خواپەرستەکانی نێو جولەکە هەستیان دەکرد کە ئەم شتانە ڕویداوە تاکو گەلی ئیسرائیل دوور بکەونەوە لە خودا . وە هەستیان دەکرد تاکە هیوایان لە ئاشتبونەوەیان لەگەڵ خودا و گەڕانەوەیان بۆ زەوی خۆیان بەوە دەبێط بە هەموو دڵیانەوە بگەڕینەوە بۆلای خوداوەند (یەرمیا ٢٩: ١٣- ١٤) . ئەوان باوەڕیان وهیوایان ئەوە بوو گوێرایەڵی شەریعەتی خودا بن ئەوەی ڕاگەیزاوە لە پێنج پەرتوکەکەی یەکەمی کتێبی پیرۆزدا ، ئیدی نیعمەت و چاکە دێت بۆیان وە ماوەی ڕاپێچ هەردوو پێغەمبەر حەزقیال و دانیال بەڕێوەیان بردن بە ڕێگادا . دوای ڕاپێچ عەزرا و پێغەمبەران حەجی و زەکەریا ومەلاخی بە نوسین بەڕیوەیان بردن ئیدی بارودۆخێکی نوێ وای دەخواست کە شەریعەت جێبەجێ بکەن . وە ماوەیەك هەموو شتێك باش بوو .

بەڵام دوای ماوەیەکی کورت حزب و تایەفەیەك دەرکەوت ناوی فەریسیەکان بوو واتە ئەوانەی خۆیان جیا دەکەنەوە . ئەمانە هەموو جۆرە سیستەم ویاسایەکیان دیاری کرد و بڵاو کردەوە گوایە ئەوە شەریعەتی خودایە . ئەمانە وەکو پسپۆڕێك لەنێویاندا ئەو یاساو سیستەمانەیان دادەناو

دەبوو ڕێزێکی زۆریان لێ بگیرێ (مەتا ٥: ٢١) . ئیدی شێوازی فێرکردنیان بریتی بوو لە لەبەرکردن و دوبارەکردنەوە ، ئەو بابەتەی دەیانویست فێری بکەن دەبوو مامۆستا بە گوێی قوتابیەکانی بڵێتەوە وە قوتابیەکانیش دوبارەی بکەنەوە لەبەردەم مامۆستاکانیاندا . ئیتر هەر جارەوە شتێک زیادی دەکرد ساڵ بەساڵ . تا وای لێهات زۆر بوو ، وە مامۆستای یەهودا نەریتەکانیان تۆمار کرد بەوەی پێی دەوترا نەریتی پیرەکان ئەمەش لەساڵی ٢٠٠ زایینی گۆڕا بۆ مەشنا واتە دوبارەکردنەوە دوای ئەوەش مەشنا شتێکی بۆ زیار کراو وەکو ڕاڤەکردنی و پێیان ووت جیمارا واتە تەواوکردنی . وە مەشنا وجیمارا گرێدراون بە تەلمودەوە واتە فێرکردن ئیدی قوتابخانەی ڕابیەکان لە ئۆرشالیم دروست بوو بە ناوی تەلمودی ئۆرشالیمی . بەڵام قوتابخانەی ڕابیەکان لە بابل ناوی تەلمودی بابلی بوو ئەمانەش دوو کتێبی گەورەن ، ماددەی تەکمودی بابلی گەورەترە لە تەلمودی ئۆرشالیمی بە چوار بەرابەر . ئەمەش دادەنرێ بە سەرچاوەیەکی گەورەتر لە تەلمودی ئۆرشالیمی .

بۆچوونی عیسا سەبارەت بە نەریتی پیرەکان .

فەریسیەکان بە بەردەوامی نەریتی پیرەکانیان باو دەکردەوەو بەکاریان دەهێنا . لە چوارچێوەی مەتا ١٥ دەبینین فەریسیەکان ونوسەران (مامۆستایانی شەریعەت) ئەوانە ڕووی دەمیان کردبوە عیسا ، وە هاوڕێکیانیان هان دەدا لە ئۆرشالیم کە خزمەتەکەی عیسا تاقی بکەنەوەو بیوەستێنن . ئەوان تێبینیان کرد کە قوتابیەکانی عیسا بەپێی نەر یتی پیرەکان هەڵسوکەوت ناکەن چونکە قوتابیەکانی عیسا دەستیان بەو شێوەیە ناشۆن کە فەریسی و نوسەرانی شەریعەت شوێنی دەکەون .

نەریتی پیرەکان وا بوو تایبەت بوو بە ڕوکەشی دەرەوە و بەس . فەریسیەکان و ڕەخنەکانیان هیچ پەیوەندیەکی بە بنەماکانی شەریعەتەوە نەبوو . بەڵام تایبەت بوو بە پەرستشی دەرەکی و بەس . ئەوان داوایان دەکرد پەرستشی دەست شتن لە گڵاوی بەکار بهێنن پێش نانخواردن . چونکە پێیان وابوو دەستیان پیسە بە واتا پەرستشیەکە چونکە چوونە بۆ بازاڕ و تێکەڵاو بە نەتەوەکان بوونە ئەوانەی بە پیسیان دەزانی . ئیدی بەم

شیوەیە فەریسیەکان و مامۆستایانی شەریعەت شۆینی خواپەرستی ڕاستەقینەیان گرتبۆوە . وە ڕواڵەتی دەرەکی پیرەکان شۆینی دڵ و بیریانی گرتبۆوە .

بەڵام نەریتی پیرەکان زۆرجار پێجەوانەی وشەکانی خودا بوو بۆیە عیسا پێانی ووت لەگەڵ ئەوەی قوتابیەکانی ئەو سنوری نەریتی پیرەحکانی ئەوانی بەزاندوە ، بەڵام فەریسیەکان سنوری وشەکانی خودایان بەزاندوە ! بۆیە عیسا تاوانباری کردن بەوەی پێویستە ملکەچی وشەی خودا بن نەك نەریتەکانیان ، ئیدی پێیی وتن ئێوە بۆچوون یەخەڵکیتان بەلاوە گرنگترە لە وشەی خودا ! وە ك نمونە لەسەر بەزاندنی سنوری ، عیسا بەیادی هێنانەوە بەو شیوازەی کە دەبێت فێرکردنی پێبکەن بۆ مدنالەکانیان کاتێ سوکایەتی بە دایکو باوکیان دەکەن . (دەرچوون ٢٠: ١٢) بۆیە عیسا پێی ووتن " ئێوە بەمە وشەی خودا ڕەتدەکەنەوە و پارێزگاری لە نەریتەکانتان دەکەن " ، بڕوانە مەتا ١٥: ٧ بۆچوونی عیسا سەبارەت بە نەریتی پیرەکان ئەوە بوو کە نەریتەکانیان پێکهاتبوو لە بۆچوونی خەڵکی و بەس . وە هەموو بۆچوونێکی مرۆڤانە دەبێت بە وشەکانی خودا تاقیبکرێتەوە و ملکەچی وشیکانی خودا بێت !

بۆچوونی عیسا سەبارەت بە وانەی نەریتی پیرەکان دەست پێوە دەگرن وبڵاوی دەکەنەوە .

عیسا فەریسیەکانی بە خۆدەرخەر دادەنا وەك چۆن ئیشایا باشترین پێناسەی کردووم کە چۆن خۆیان دەردەخەن و خۆیان بە خواپەرست و باش دەناسێنن . لەگەڵ ئەوەشدا تەنها خۆدەرخەرن وهیچی تر ! تەنها بە دەمیان ڕێز لە خودا دەگرن بە ڕواڵەت . (،مەتا ٦: ٥ ؛ لۆقا ١٨: ١١) بەڵام دڵەکانیان گەندەڵە . وە دڵیان دوورە لە خودای زیندوو . بۆیە عیسا پێیانی ووت خواپەرستیەکانیان پوچەڵە چونکە مەکەچن بۆ یاساو شەریعەتی مرۆڤانە و شۆێن وشەی خودا ناکەون .

ئیدی عیسا لە فەریسیەکان دوور کەوتەوە (مەتا ١٥: ١١)

وه دواتر عیسا بۆ قوتابیەکانی ڕوون کردەوە ئەوەی لەدەم دێتە دەرەوە ئەوە لە دڵ دێتە دەرەوە ئەوەیە کە مرۆڤ گڵاو دەکات . کێشەی مرۆڤ ئالودەبوونی دەرەکی نیە بەڵکو ئالودەبوونی ناخە !

ئیدی بەم شیوەیە عیسا ئابڕووی فەریسیەکانی برد لەبەردەم هەموواندا کە خۆدەرخەرن و دەستدرێژی دەکەنەوە سەر وشەکانی خودا

عیسا فەریسیەکانی بەوە ناوبرد کە هێشتا دوبارە لەدایک نەبوونەتەوە ، مەتا ١٥: ١٣ . هەروەها بڕوانە زەبور ١: ٣؛ ٩٢ : ١٢ وە ئیشایا ٥: ٧ وە ٥٨: ١١ هەروەها ١کۆرنسۆس ٣: ٩ وە یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ ٦: ٤٤) وە مەتا ١٣: ٢٥، ٣٩ .

هەر تۆوێك خودا نەیچاندبێت هەڵدەکێشرێ و فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرەوە (مەتا ١٣: ٤٢ ؛ یۆحەنا ١٥: ٥- ٦ ؛ یەهوزا ١٢) . بەدڵنیاییەوە ئەمە لە حوکمدانی کۆتاییدا ڕوودەدات ، بەڵام لە ئێستادا ، دەکرێ خەڵکی دارەکە بناسنەوە لەوەی چی بەرێکی گرتوە (مەتا ٧: ١٥- ٢٠) بەڵام عیسا فەریسیەکانی بە ڕابەری نابینا ناوبرد بۆیە عیسا لەم ساتەدا نمونەی نابینای هێنایەوە کە نابینایەکی تر چاوساغی دەکات .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٥: ١٤ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣: 15- 20 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا لە نمونەکانیدا فەریسیەکان ونوسەران بە خۆدەرخەر و دوڕو ناودەبات چونکە ڕابەری نابینان لەم خاڵەدا و لە وتوێژی عیسا واتاو مەبەستی تایبەتی تێدایە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی نابینا چاوساغی نابینایە لە مەتا ١٥: ١٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "گوێڕایەڵی وشەکانی خودا لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " ڕێکردن بە دوای ڕابەری نابینا کە پشت دەبەستن بە نەریتی مرۆڤانە لە جێی وشەکانی خودا بەرەو کارەساتت دەبات .

زانین لەبارەی وشەکانی خودا و تێگەیشتن لێی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا . گەلی ڕاستەقینەی خودا لە شانشینی خودا چاویان کراوەیەو ڕۆحی پیرۆز ڕاستیە ڕۆحیەکانیان پیشان دەدای (١یۆحەنا ٢: ٢٦- ٢٧) . بەڵام هەموو خەڵکی ئەوانەی ئەو تۆوە نین کە خودا چاندوونی واتە لەدایک نەبوونەتەوە دوبارە ، بە نابینایی دەمێننەوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ڕووی هاوشێوەیە کامەیە کە ئەم بەشە کتێبیە فێرمان دەکات لە نمونەی ڕابەری نابینادا ؟

نابینایی فەریسیەکان

یۆحەنا ٩: ٣٥- ٤١ ؛ ڕۆما ٢: ١٧- ٢٤ **بخوێنەوە** . دوای ئەوەی عیسا چاوی نابینایەکی چاککردەوە کە بەزگماك نابینا بوو ، هەروەها چاوی ڕۆحیشی چاکردەوە ئیدی بەم شێوەیە ئەم پیاوە تەنها ڕاستیەکانی جەستەیی نەدەبینی بەڵکو هەروەها ڕاستیە ڕۆحیەکانیشی دەبینی ! وە زانی کە عیسا مەسیای ڕزگارکارە ! هەروەها باوەڕی بە عیسای مەسیح هێناو کڕنوشی بۆ برد .

بەڵام فەریسیەکان خۆی وا دادەنا کە ڕاستی ڕۆحی دەزانن بەڵام لە ڕاستیدا نابینا بوون لە ڕۆحدا ! نەیانزانی عیسای مەسیح مەسیای ڕزگارکارە (یۆحەنا ٩: ٣٩) . هەروەها بڕوانە مەتا ١٣: ١١- ١٥ ؛ یۆحەنا ٣: ١٩- ٢٠ ؛ یۆحەنا ٧: ٤٧- ٤٩ ؛ ڕۆما ٢: ١٧- ٢٤) !

ئەو تەختە دارەی لە چاودایە .

لۆقا ٦: ٣٩- ٤٢ بخوێنەوە ، ئایا نابینا دەتوانێ چاوساغی نابینایەکی دیکە بێت ؟ ... یەکەمجار تەختەدارەکەی ناوچاوت دەربهێنە تاکو

ببینیت بەباشی ئەوجا پوشی ناوچاوی براکەت دەربهێنە (لۆقا ٦: ٣٩ و ٤٢) .

ب. نمونەی وەستای داناو وەستای گێل

مەتا ٧: ١٥- ٢٧ و لۆقا ٦: ٤٣- ٤٩ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیە پێشکەشکراوەکەی نێو نمونەکە تێبگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەما ڕاستەقینانەی ژیان کامانەن چیرۆکی نێو نمونەکە لەخۆی دەگرێ ؟

تێبینیەکان .

ئەم چیرۆکە لە سێ بەش پێکهاتوە :

ئەو شێوازەی هەردوو وەستاکە بەکاریان دەهێنا .

دوو کەس خانویان دروست کرد . خانوو لێرەدا عیسا ئاماژە دەکات بۆ ئەو جۆرەی کە پێی سیستەمی بەربڵاو بەکاریان دەهێنا لەو ڕۆژەدا . چونکە دزەکان دەیانتوانی دیواری خانوەکان ببڕن (مەتا ٦: ١٩) وە بانەکەی لە دار پێکهاتبوو پاشان خۆڵ دەخرایە سەری لەگەڵ پوش وپەڵاشی تردا . زۆر بەئاسانی دەکرا کون بکرێت و بچێتە ئەو دیوی دیوارەکەوە (مەرقۆس ٢: ٤ ؛ زەبور ١٢٩: ٦) .

تاقیکردنەوەی هەردوو خانوەکە .

لەماوەی وەرزی باران بارینداً . ڕەشەبای بەهێز هەڵی دەکرد هەروەها هەورە بروسکەو شەپۆلی باو باران لە دەریای ناوەڕاستەوە لە ڕۆژئاواوە زیاد لەوەش بای بەهێز هەمیشە هەڵی دەکرد ، ئیدی دەبوە هۆی باران بارینی زۆر و ئاو سەری دەکرد و زیادی دەکرد لە ڕوبارەکان بە خێرایی . ئەم بایە ئەوەندە بەهێز بوو

تەنانەت مەترسی هەبوو بۆ دیوارەکان و ئاویش پاڵی دەنا بە بناغەی خانوەکاندا .

دەرئەنجامی تاقیکردنەوەو هۆکاری ئەم دەرئەنجامە

ئاو ناتوانێ بناغەی خانوێك تێك بدات کە لەسەر بەرد دروست کرابێت ، بەڵام بناغەی خانوی دوەم کە لەسەر خۆڵ دروست کراوە بەئاسانی لەناو دەبات ، لەگەڵ ئەوەی ڕەشەبا بەهێزە بەڵام ناتوانێ خانوێك بڕوخێنێ کە لەسەر بەرد دروست کرابێت بەڵام دوەم دەڕوخێنێ کە لەسەر خۆڵ دروست کراوە .

٢. **<u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە بەشەکانی ٥- ٧ لە مەتا پێکهاتوە لە وتاری سەرچیا .

چوار بەش هەیە لە وتاری سەر چیا :

بەراوردی نێوان ڕێگەی پان وبەرین و ڕێگەی تەنگ .

لە مەتا ٥: ١- ١٦ ئەمەش عیسا پێناسەی هاوڵاتیانی شانشینی خودا دەکات .

وه لەمەتا ٥: ١٧- ٧: ١٢ عیسا پێناسەی ڕاستودروستی دەکات لە شابشینی خودا

وه لەمەتا ٧: ١٣- ٢٧ عیسا هانی خەڵکی دەدات کە پەیامەکەیان پێ بگەیەنێت چی ئەو کاتەی قسەی بۆ کردن وه چی لە داهاتودا تاکو بچنە نێو شانشینی خوداوه ، وه لەکۆتاییدا لە مەتا ٧: ١٣- ١٤ هۆشداریان دەداتێ بەتایبەتی لە فێرکردنی پێغەمبەرە درۆزنەکان لە مەتا ٧: ١٥- ٢٠ وه کۆتایی پێدەهێنێت بە بەراوردکردنی نێوان چارەنوسی کۆتایی ئەوانەی بە ڕێگەی پان وبەریندا دەڕۆن وئەوانەش بە ڕێگەی تەنگ مەتا ٧: ٢١- ٢٧ .

بەراوردکاریی لە نێوان پێغەمبەرانی درۆزن و پێغەمبەرانی ڕاستەقینە .

مەتا ٧: ١٥- ٢٠ وه هەروەها بڕوانە ئیشایا ٣٠: ١٠ ؛ یەرمیا ٢٣: ٩- ٣٢ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٣- ٤ .

بەراوردکاریی لەنێوان ئەوانەی قسە دەکەن و ئەوانەی کارەکە دەکەن .
مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ مەتا ١٠: ١ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ٩- ١٠ مەتا ٢٣: ٣ .

بەراوردکاریی لەنێوان ئەوانەی کارەکە دەکەن و ئەوانەی گوێدەگرن .

مەتا ٧: ٢٤- ٢٧ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا 7: 13- 14 . لەشێوەی هاندان.

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە هاندان .

عیسا ئەم نمونەیە ڕوون دەکاتەوە کە خانو دروست کردن نیشانەیەکە بۆ وتەکانی و دەبێت پەیڕەو بکرێن و کاری پێ بکرێن. وشەکانی عیسا لێرەدا مەبەست لە وتاری سەرچیایە بە نمرەی یەکەم مەتا ٥- ٧ . بەڵام بە واتایەکی میتافۆریی تەواویی قسەکانی عیسا دەگرێتەوە کە تۆمارکراون لە کتێبی پیرۆزدا بڕوانە مەتا ٢٨: ٢٠ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

تێبینیەکان .

یۆحەنای دەم زێڕین یەکێکە لە پیرەکانی کڵێسا (٣٤٧ – ٤٠٧ ز) دەڵێ " ئەوانەی گوێڕایەڵی فێرکردنەکانی عیسان بەرەکەت وەردەگرن نەك تەنها لە ئایندەدا بەڵکو لەئێستاشدا " .

بەردو خۆڵ یان لم .

عیسا شرۆڤەی ئەم دوو خاڵەی نێو نمونەکەمان بۆ ناکات ، نابێت بچینە نێو ودرەکاریەوە لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوەشدا عیسا خۆی وخواستەکانی ڕاگەیاند لەو ڕێگەیەوە کە ووتی و فەرمانی پێکرد بۆیە باشترە چاوببڕینە واتا ڕۆحیەکانی نمونەی وەستای داناو وەستای گێل یاخو ئەوەی بەدانایی خانوەکەی دروست کردو ئەوەش بەگێلایەتی ، چونکە تاشەبەرد وێنەیەکە بۆ مەسیح و فێرکردنەکانی و وشەکانی بەڵام خۆڵ یاخود لم وێنەیەکە بۆ بۆچوونی مرۆڤانە .

دورستکردنی خانوو لەسەر بەرد یان لم .

عیسا ئەم وردەکاریە شی دەکاتەوە کە زۆز گرنگن وبنەڕەتین دروستکردنی خانوو لەسەر بەرد وێنەیەکە بۆ ژیان بەپێی وشەکانی مەسیح وە لەسەر لم وێنەیەکە بۆ پشت بەستن بە خود و بیرنەکردنەوە لە ئایندە بەتایبەتی گوێنەدان بە وشەکانی مەسیح لە ژیاندا و پەیڕەونەکردنی .

باران و ڕەشەبا .

عیسا شرۆڤەی بنەماکانی ئەم نمونەیەی نەکردوە بۆیە گەر بچینەوە بۆ چوارچیوەی نمونەکە ڕوونە کە وێنەیەکە بۆ تاقیکردنەوە ، دەکرێ تاقیکردنەوە بێت لەسەر شێوەی پێغەمبەرە درۆزنەکان . مەتا ٧: ١٥- ٢٠ ، پەیدابوون ٢٢ . ئیبراهیم ؛ ئەیوب ١- ٢ .

پەیدابوون ٣٩ پەیدابوون ٤٢ : ٣٦ ئەیوب ١: ١٨- ٢٢ کرداری نێردراوان ٧: ٥٩- ٦٠ ؛ ٩: ٣٦- ٣٧ ، مەتا ٢٤: ٤٢- ٤٤ ؛ ٢٥: ٦ ، ٣١- ٣٣ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ٢.

خانوەکە ناروخێت .

عیسا ئەم خاڵەی ڕوون نەکردۆتەوە بەڵام نەڕوخانی خانوو گرێدراوە بە کتێبی پیرۆزەوە بەوەی سەرکەوتن ی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنی بە گوێرایەڵیت . ١پەترۆس ٢: ٦ ١سالۆنیکی ٢:

١٩ ــ ٢٠ ؛ ٣: ١٣؛ ٤: ١٦- ١٧ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٧- ١٠ ؛ ٢تیمۆوساوس ٤: ٨ ؛ تیتۆس ٢: ١٣- ١٤ .

ئەو خانوەی دەڕوخێ .

ئەم وردەکاریە شرۆڤە بەکراوە لەلایەن عیساوە بەام ئەمیش گرێدراوە بە کتێبی پیرۆزەوە بە شکستی یاخیبوان ، هەر کەسێك گێل بێت و وشەکانی عیسا ڕەت بکاتەوە لە ڕۆژی کۆتایی و حوکمدانی کۆتاییدا ڕەت دەکرێتەوە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی وەستای داناو وەستای گێل لە لۆقا ٦: ٤٣- ٤٩ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "گوێڕایەڵی وشەکانی خودا لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " نابێت چارەنوسی تاهەتایی مرۆڤ لە مرۆڤ و بۆچوونی مرۆڤانەدا بێت یان نەریت و بیروباوەڕیی مرۆڤانەدا بێت بەڵکو دەبێت لە عیسادا بێت و عیسا ئەو بنەمایەی دانابێت بۆی لە فێرکردنەکانیدا تاکو ژیانی بەو پێیە بێت و پەیڕەوی بکات .

ئەو مرۆڤەی خانوەکەی لەسەر لم دروست دەکات گوێبیستی وشەکانی عیسا بوە بەڵام بە مەبەست پشتی بە بیرو بۆچوونی خۆی بەستوە بەڵام ئەوەی خانوەکەی لەسەر تاشە بەردەکە دروست

دەکات پشتی بە مەسیح بەستوە لە گوێرایەڵی بۆی و بۆ فێرکردنەکانی .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : فێرکردنەکانی بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێرکردنەی نمونەی ڕابەری نابینا ؟

تێبینیەکان .

ڕەتکردنەوەی وشەکانی خودا .

زەبور ١١٨: ٢٢ ؛ پەندەکان ١: ٢٠- ٣٣ ؛ ئیشایا ٥: ٢٤ ؛ ٣٠: ١- ٢ ؛ هۆشەع ٤: ٦ ؛ لۆقا ٧: ٣٠ بخوێنەوە .

هۆشەع ٤: ٦ دەخوێنینەوە . (....) هەروەها پەندەکان ١: ٢٤- ٢٨ (...) وە ئیشایا ٣٠: ١- ٢ .

گوێرایەڵی وشەکانی خودا .

مەتا ٤: ٤ ؛ لۆقا ٨: ١٥ ؛ ١١: ٢٨ ؛ یۆحەنا ١٤: ٢١، ٢٣ بخوێنەوە .

لۆقا ٨: ١٥ وێنەیەکە بۆ زەوی باش بۆ باوەڕدارانی ڕاستەقینە کە وشەکانی خودا لە دڵیاندا دەپارێزن و بەروبوم دەدەن . ئامانج لە وشەکانی خودا ئەوەیە کە ژیانی باوەڕداری ڕاستەقینە بەرهەمدار بێت .

مەسیح تاشەبەردەکەیە .

ئیشایا ٢٨: ١٦ ؛ ڕۆما ٩: ٣٣ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١١ ؛ ١٠: ٤ ؛ ١پەترۆس ٢: ٦ بخوێنەوە .

پەترۆس ٢: ٦ دەڵێ . مەسیح بەردی گۆشەکەیە و بەنرخەو دەستنیشانکراوە ، هەر کەسێک متمانەی پێبکات شەرمەزار نابێت یان بێ هیوا نابێت . وە ١کۆرنسۆس ٣: ١١ دەڵێ ئەو تاقە بناغەی باوەڕدارانە ، هەردوو بەشەکە دەڵێن مەسیح ئەو تاشە بەردەیە کە باوەڕداران دەبێت ژیانی خۆیان لەسەر بونیاد بنێن .

ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی هەردوو نمونەکەی تایبەت بە گوێرایەڵی وشەکانی خودا لە شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرکەی فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموان بزانن کە خودا کێ یە یان عیسای مەسیح .

مەسیح تاشەبەردەکەیە کە هەموان دەبێت ژیانیان لەسەر بونیاد بنێن .

بڕوانە کردار ٤: ١٢ .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە بزانن کە چۆن بژین .

باوەڕدارانی ڕاستەقینە بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆدایە لەوەی چۆن ژیانیان لەسەر عیسای مەسیح بونیاد دەنێن لەسەر تاشەبەردەکە . وە چۆن فێرکردنەکانی دەبێتە ژیانیان و پەیڕەوی دەکەن .

هۆکاری ئەمە چیە کە دەبێت فێرکردنەکانی عیسای مەسیح لە ژیاندا بێت و کاری پێ بکرێت ؟ عیسا لە یۆحەنا ١٤: ٢١ و ٢٣ ڕوونی دەکاتەوە . وەك چۆن بڵێ هەر کەسێك ڕاسپاردەکانی منی هەبێت و کاری پێبکات ئەوە منی خۆش دەوێ ئەوەش منی خۆش بوێ باوکم خۆشی دەوێ ومنیش خۆشم دەوێ .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " وەستای داناو وەستای گێل " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ١٠١،